# ساخکردنەوەی چەند هەڵەیەکی دیوانی حەریق
## لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی نەوزاد کەڵهوڕ
جەعفەر قارەمانی

**پوختە**

حەریق یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبی کوردییە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ژیاوە و سەر بە شێوازیی شاعیرانی کرمانجیی ناوەڕاست ناسراوە. ساخکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک بۆ ڕەچاوکردنی مێتۆدۆلۆژی زانستی، ناسینی پێوەرەکانی ساخکردنەوە و ڕوانینی ڕەخنەیی بە دەق کارێکی ناتەواوە. لەم وتارەدا بەشێک لە هەڵە و ناتەواوییەکانی دیوانی حەریق لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ ساخکراوەتەوە و هەوڵ دراوە جیا لە دەستنیشانکردنی هەڵەکانی شیعری ئەم دیوانە ئاماژە بە شێوەی دروستی وشە، دەستەوشە و لێکدراوەکان بەپێی نوسخە خەتتییەکان بکرێت. دیوانی حەریق تا هەنووکە چوار جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە؛ بەڵام سەرەڕای هەوڵی ساخکەرەوانی ئەو دیوانە تووشی کەموکووڕیی و ناتەواوییەکی زۆر بەهۆی نەبوونی نوسخەی جێباوەر و دەست پێڕانەگەیشتن بە سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو، یان خراپ خوێندنەوە کە لە زۆر دێڕدا لێکدانەوەی هەڵەشی لێکەوتۆتەوە بووە. ئەم توێژینەوەیە بە شێوازیی شیکارانە - وەسفی شیعری حەریقی خستۆتە بەر پشکنین. مەبەست لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە تەنیا ساخکردنەوەی چەند دێڕێکی شیعری حەریق نییە؛ بەڵکوو لە ڕوانینێکی بەربڵاوتردا دەرخستنی ئەو بابەتەیە کە زۆربەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی پێویستیان بە ساخکردنەوەی دووبارەیە، پاشان دەبێت ساخکەرەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک جیا لە خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان پسپۆڕ و شارەزای زانستەکانی شێوازناسیی، کێشناسیی و ڕەوانبێژیی بێت و بە یارمەتی ئەو زانستانە پرۆسەی ساخکردنەوە ئەنجام بدات. دەرخستنی ئەو هەڵانەی دەتوانێت یارمەتیدەری ساخکەرەوانی تر بێت و ڕێگە لە دووپاتی هەڵەی هاوشێوە بگرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** شیعری کلاسیک؛ ساخکردنەوەی زانستی؛ شیعری حەریق.

**چکیده**

حریق یکی از شاعران نامور ادبیات کُردی است که در نیمه‌ی دوم قرن نوزدهم و آغاز قرن بیستم زیسته است. شیوه‌ی سخن وی در شعر، به ویژه در غزل متأثر از سبک شاعران کرمانجی میانه است. سبب اصلی اشتهارش مرهون غزلیات نابیست که متضمن مضمون‌های لطیف و معنی‌های غنایی و عشقی حاوی نکته‌های عرفانی بلندست. تصحیح دیوان شاعران کلاسیک ضرورتی است که باید بر اساس روش‌شناسی علمی، شناخت معیارهای تصحیح و نگاه انتقادی به متن صورت گیرد؛ تنها با این روش‌هاست می‌توان تصحیح متن را انجام داد و آسیب‌های موجود در تصحیح را بازشناخت و به تصحیح علمی پرداخت. در این نوشتار تلاش بر آن است با بررسی انتقادی دیوان حریق، شرح کلهور و بیان اجمالی نارسایی و کاستی‌های آن به آسیب‌هایی اشاره شود که شارح را در قرائت و ضبط ابیات دچار لغزش کرده است. در این پژوهش تنها به بیان اشتباهاتی که به واسطه‌ی شارح صورت پذیرفته بسنده نشده و در نهایت ابیات محرف فراوانی از این دیوان را بر اساس نسخه‌های موجود تصحیح کرده که برخی از این ابیات در این نوشتار قید شده است. دیوان حریق تاکنون چند بار به چاپ رسیده؛ امِا در هیچ یک از این چاپ‌ها روش کار مشخص نیست و بر خواننده مبهم است که مصحح براساس کدام نسخه یا روش، کار تصحیح را انجام داده‌اند. جدای از این تلاش‌ها هنوز اشتباهات بسیاری در ضبط اشعار که بیشتر ناشی از نقص در قرائت نسخه‌ها، تغییرات ذوقی ناسخان و شارحان است، در شعر حریق وجود دارد. این پژوهش به روش تحلیلی- توصیفی به بررسی این دیوان پرداخته است. شناخت این اشتباهات می‌تواند به یاری مصححان دیگر بیاید و راه را بر تکرار اشتباهات مشابه ببندد.

**کلید واژه:** شعر کلاسیک؛ تصحیح علمی؛ شعر حریق.



Kurdishbookhouse.com

**١- پێشەکی**

بە تێپەڕینی چاخ و سەردەمە جیاوازەکان و کێشەوبەرەی زەمان، زۆرجار نوسخەی سەرەکی نووسراوەی پێشینیان بزر بوون، یان لەناو چوون و زیاتر ئەوەی لە بەرهەمێک بە دەست ئێمە گەیشتووە یەک، یان چەند نوسخە لەم نوسخانەیە کە بنووساز جۆراوجۆر لە سەردەمە جیاوازەکاندا نووسیویاننەتەوە؛ بەڵام ئەو نوسخانە بەتەواوی وەکیەک نین و لە زۆر بابەتدا لەگەڵ دەقی سەرەکی جیاوازییان هەیە. هۆی ئەو جیاوازییە و بوونی هەڵە، بەتایبەت لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا بەگشتی بۆ چ بابەت گەلێک دەگەڕێتەوە؟

بەهۆی درەنگ سەرهەڵدانی پیشەی چاپ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، دواتر لە ناوچە کوردنشینەکان تا دووسەت ساڵ لەمەوبەر زۆربەی پەرتووکەکان بە شێوەی دەستنووس بڵاو دەبوونەوە، تەنانەت هەن نوسخەگەلێکی خەتتی هێشتا چاپ نەکراون و لە سووچی پەرتووکخانەکاندا ترسی لەناوچوونیان هەیە. لە پرۆسەی نووسینەوەی نوسخە کۆنەکاندا بنووسان زۆرجار لە یەک پلەی زانستیدا نەبوون؛ یان ئاستی وشیاری و وردبینییان نزم بووە. جاری وایە تووشی هەڵە خوێندنەوە؛ یان تووشی دەستتێوەردان لە دەقدا بوون. هەروەها خاوەن نوسخەکانیش بەپێی زانست و ئاستی خوێندەوارییان گۆڕانکارییان لە دەقدا پێکهێناوە و زۆرجار ئەو گۆڕانکارییانە بە تەواوی هەر هەڵە بووە. لە لایەکی تر، بارودۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و جیاوازیی زەوق و سرشت و هتدە، لەم بابەتانەن هۆی گۆڕانکاریی لە نوسخە و دەقە کۆنەکاندا لە کاتی نووسین، یان لە سەردەمەکانی دواتردا بووە. زۆرکات دەسەڵاتداران و بنووسانی پەیوەندیداریش ویستوویانە ئەو گۆڕانکارییانە ڕاست بنوێنن و لایەنی ئەرێنییان بسەلمێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە بەشێک لە توێژەرانی ئەدەبی و ساخکەرەوان و تەنانەت هۆگرانی ئەدەبیش ئەو ناتەواوی و ناڕێکییەی دەقە کۆنەکانیان بۆ گرینگ نەبووە و هەوڵێکی بەرچاویان بۆ ساخکردنەوەی نوسخە و بەرهەمە کۆنەکانی ئەدەبی و مێژوویی نەداوە.

ساخکردنەوەی دەق یەکێک لە پیشە کۆنەکانی ئەدەبی و یەکەمین هەنگاو بۆ ئەنجامی توێژینەوەکانی مێژوویی و ئەدەبییە. لە پرۆسەی ساخکردنەوەدا، ساخکەرەوە، دەقە کۆنەکان لەسەر بنەمای نوسخە خەتتییەکان بۆ چاپ ساز و پەرداخ دەکات. زانستی ساخکردنەوە، زانستێکە بۆ دیتنەوەی دەقێکی نزیک بە دەقی سەرەکی کە لەگەڵ نووسراوەی نووسەر بە تەواوی یەک بێت؛ کەوایە بە پێچەوانەی بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگران ساخکەرەوە، هەڵگری زانستی دەق نییە؛ واتە ئەگەر لە دەقێکی کۆن هەڵە و ناڕاستیش هەبێت؛ هەرچەند لە لایەن خودی نووسەریشەوە بێت؛ ساخکەرەوە ئیزنی نییە هەڵەکان ڕاست کاتەوە. هەروەها ساخکەرەوە ناتوانێت خۆی لەگەڵ نووسەری سەرەکی بە هاوبەش بزانێت و بەشێک لە بێژە و دەستەوشەکان بگۆڕێت. لە زانستی ساخکردنەوەدا بە شێوەیەکی تۆکمە و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی دەق لەگەڵ نوسخەی جێباوەڕ، ساخکردنەوە ئەنجام دەدرێت.



Kurdishbookhouse.com

**٢- ساخكردنەوە لە سەرەتادا بە دوو شێواز ئەنجام دراوە:**

**٢- ١- شـێوازیی هەڵبـژاردن:** لە شـێوازیی سـاخكردنەوەی هەڵبژاردنـدا بەو پێـیەی هـیچ نوسـخەیەك بە تەواوی بەسـەر نوسخەكانی تر لەسەرتر ناناسرێت؛ دەقی كۆتایی لە نێوان نووسراوەی نوسـخە جۆراوجۆرەكانـدا، هەركـام دروسـتتر بێـت؛ هەڵدەبژێردرێت.

**٢-٢- شێوازیی سەرتری:** لەم شێوازەدا كۆنترین نوسخە لە نێوان نوسخەكانی تردا دەكرێتە پاڵپشت بـۆ سـاخكردنەوە و زۆر بە وردی و ئەمەگناسانە لە ڕووی دەنووسرێتەوە؛ بۆیە ساخكەرەوە هەوڵ دەدات تا كۆنترین نوسخە وەدەست بهێنێت تا بەپێی ئەو نوسخەیە پرۆسەی ساخكردنەوە ئەنجام بدات. كۆنترین نوسخە، نوسخەیەكە مەودای زەمانی نووسینی لەگەڵ ڕێكەوتـی كۆچكردنی خاوەن بەرهەم لە نوسخەكانی تر نزیكترە؛ بەو هۆیە ئەگەری گۆڕانكاریی و جیاوازی ئەو نوسخەیە لەگەڵ دەقـی نووسراوەی نووسەر، یان شاعیر ڕەچاو نوسخەكانی دواتر كەمترە. كەوایە بۆ گەیشتن بە دەقێكی پاراو و دوور لە هەر چەشنە گۆڕانكاریی و هەڵە ساخكەرەوە دەبێ كۆنترین نوسخەی وەدەست بهێنێت، تا لە كـاتی سـاخكردنەوەدا هـۆیەكی زانسـتی و ڕوونی بۆ پەسەند كردن، یان ڕەتكردنەوەی وشە، یان دەستەوشەیەك هەبێت.

**٢-٣- لە شێوازیی سەرتریدا وەفاداری ساخكەرەوە سەبارەت بە دەق بە دوو شێوە دەسەلمێندرێت:**

**٢-٣-١- شێوازیی زێدەڕۆیی:** بەپێی ئەم شێوازە كەمـترین گۆڕانكـاریی لە دەقـدا نە دروسـتە و نە ڕێـگە پێـدراوە؛ دەق بەو جۆرەی هەیە تەنانەت ئەگەر هەڵەشی هەبێت دەنووسرێتەوە؛ بەڵام لە پەراوێـزدا دەبێـت ئامـاژە بە شـێوەی دروسـتی وشـە و دەستەوشەكان بكرێت.

**٢-٣-٢- شێوازیی مامناوەندنی:** بەپێی ئەم شێوازە نەتەنیا هەڵە دیارەكانی دەق ڕاست دەكرێنەوە؛ بەڵكوو دەبێت لە پەراوێزدا ئاماژە بە وشە و دەستەوشە هەڵەكانیش بكرێت (جهـانبخش، ١٣٧٨: ٣١ ، ٣٠). جێـی ئامـاژەیە لە شـێوازیی سـاخكردنەوەی مامناوەندیدا چۆنێتی هەڵبژاردنی وشـە و دەستەوشـەكان بـۆ ڕێـك بـوونی واتـای دەق، تەنیـا لەسـەر بۆچـوونی زۆرینـەی ساخكەرەوانی دەق، نە شیاوە و نە شێوازێكی زانستییە.

**٢-٤- بەپێی سێ پێوەر «هەڵبژاردن» لە پرۆسەی ساخكردنەوەدا دەبێ ئەنجام بدرێت:**

**٢-٤-١- پێوەریی زمانی:** بەپێی ئەو پێوەرە ساخكەرەوە دەبێ تاڕادەیەك زانیـاری لەسـەر بابەتەكـانی زمانناسـی و تەنـانەت زانیاری لەسەر چـونێتی شێوازناسـیی و ئاسـتی زمـانی چـاخ، یـان سـەردەمێكی دیـاردا هەبێـت و بزانێـت؛ بـۆ نمـوونە، لە قوتابخانەی كرمانجیی ناوەڕاستدا سوودوەرگرتن لە وشە بیانییەكان وەك تایبەتمەنـدییەكی زمـانی شـیعری ئەو قوتابخـانەیە ناسراوە؛ بۆیە ئەو دەم بەپێی ئەو تایبەتمەندییە دەبێت حوكم لەسەر وشە و دەستەوشەكانی بیانی و واتاكانیان بـدرێت؛ كەوایە ساخكەرەوە دەبێ بەپێی تایبەتمەندییەكانی شێوازناسیی هەر چاخێك هەوڵی ساخكردنەوەی نوسخە كۆنەكان بدات.

**٢-٤-٢- پێوەریی ڕەوانبێـژی:** گرنگترین پێوەر بۆ هەڵبژاردن و لەسەرتر بوونی دروستی وشـە، یـان دەستەوشـەیەك بەسـەر وشە، یان دەستەوشەیەكی تر لە شیعری كلاسـیكدا پێـوەریی ڕەوانبێـژییە. سـاخكردنەوەی شـیعری كلاسـیكی كـوردی بـێ كاریگەریی ئەم پێوەرە، نە دروستە و نە ساخكردنەوەكەش زانستییە. لە ڕاسـتیدا سـاخكەرەوەی دیـوانی شـاعیرانی كلاسـیك



Kurdishbookhouse.com

بەگشتی لەگەڵ چەند ئاڵوگۆڕێک کە لە لایەن بنووس و نووسەرانەوە بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک نەبوونی زانیاری تەواو لەسەر شێوازیی شیعری شاعیران و تایبەتمەندییەکانی شێوازناسیی هەر چاخێکی ئەدەبی و هەڵە خوێندنەوەی وشە، یان دەستەوشەکان لە دێڕێک، یان دەقێکدا ڕووبەڕوویە؛ بۆ نموونە، لەم دێڕەی نالیدا بە هەڵە وشەی «مول» بە واتای شەڕاب بە «مل» خوێندراوەتەوە کە هیچ هاوڕێژەییەکی واتایی لە نێوان وشە دیارەکانی ئەو دێڕە و وشەی «مل» نییە و واتای دێڕەکی نارێک کردووە، بەڵام بەپێی پێوەریی ڕەوانبێژی دەتوانین بڵێین ئەم وشەیە هەڵەیە:

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و گوڵ و **مل** هات

(نالی، ١٣٧٨: ١٤٠)

هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی ئەو دێڕە وریایی و شارەزایی نالی لە ئافراندنی لایەنی جوانیناسی شیعرەکە دەردەکەوێت. بەپێی پێوەریی ڕەوانبێژی، وشەکانی«گوڵ» و «مول» لەگەڵ یەک هاوڕێژەییان هەیە و دەکرێت ئەو بابەتە وەک خوازەش بناسرێت؛ لە ڕاستیدا ئەم هاوڕێژەییە پێکهێنەری ڕازەی جوانکاری «چاولەیەک» ـە و بەپێی ئەم ڕازەیە دەتوانین واتای دێڕەکە بە دروستی شرۆڤە بکەین و دەریخەین ئەم وشەیە «مول» بووە، نەک «مل».

٢-٤-٣- **پێوەریی هزری - فەلسەفی:** بەپێی ئەو شێوازە دەکرێت لە دەقێکدا وشە، یان دەستەوشەیەک سەرتر لە وشەیەک تر، یان دێڕێکی شیعری بناسرێت کە لە واتادا دەربڕی بابەتێکی هزری- فەلسەفی دیار بووە؛ هەرچەند پێوەریی هزری - فەلسەفی بە ڕادەی پێوەریی ڕەوانبێژی کاریگەریی و گرینگی لە ساخکردنەوەی دەقدا نییە؛ بەڵام خوارتر لە پێوەریی ڕەوانبێژیی بۆ خوێندنەوە و ساخکردنەوەی دەق، بەتایبەت شیعری کلاسیک کە ڕەگ و ڕیشاڵی هزری - فەلسەفی تانوپۆی داپۆشیوە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت و پاڵپشتی ساخکردنەوەی دەق، یان شیعری شاعیران بێت.

حەریق یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ژیاوە. ناوی ساڵح، کوڕی مەلا نەسروڵڵایە و لە ساڵی ١٨٥٦ ز. بەرانبەر بە ساڵی ١٢٧٢ ک. م. لە گوندی زێوییەی ناوچەی سووورداشی سلێمانی لە دایک بووە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، حەریق لە ڕێبوارانی شێوازیی شیعری سێ کوچکەی بابان ناسراوە. ئەگەر شیعری حەریق بکەینە پێوانەیەک بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە، شیکردنەوەی شیعرەکانی لە ئاستی زمانی، ئەدەبی و هزریدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. حەریق ئەو شاعیرە غەزەلبێژەیە بەشێک لە شیعرەکانی وێنە و وەسفی ڕاستەوخۆی دڵبەرە و بەشێکیش دەربڕی هزری سۆفیگەریی، یان تێکەڵاوییەک لە هەستی دڵداری و ئەوینی سۆفییانەیە. بەهۆی جۆری ژیان و دوورەپەرێزی و بە مەبەستی هێور کردنەوەی ڕووحی، پەنای بردۆتە بەر ڕێبازی سۆفیگەریی و لە زۆر شیعردا چەمکەکانی سۆفیگەریی کردۆتە کەرەستەی سەرەکی ئافراندنی واتایی. حەریق بەهۆی خوێندنەوەی دەقەکانی سۆفیگەریی و شارەزایی ئایینی کۆمەڵێک وێنەی شیعری نوێی ئافراندووە. زۆرێک لە زاراوەکانی سۆفیگەریی وەک: پیر، پیری مەیخانە، پیری خەرابات، شەڕاب، ساقی، پیری موغان و هتدە، کە پێشتر لە شیعری شاعیرانێکی وەک نالی و مەحوی ڕەنگیان داوەتەوە، بوونەتە هەوێنی شیعری و واتای نوێی پێ‌خوڵقاندوون.



Kurdishbookhouse.com

به خوێندنەوەی شیعرەکانی دەردەکەوێت موریدی شێخ شەمسەددینی بورهانی لە شێخە ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە. بێ گومان خۆشەویستی شێخ شەمسەددین کارتێکەریی لەسەر هەستی حەریق بووە و دەکرێت ئەو خۆشەویستییە وەک چەکەرەکردنی بیری سۆفیگەریی لە شیعری حەریقدا پێناسە بکرێت؛ بۆ نموونە، ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٢٩٦ ک. م. کاتێک شێخی بورهان لە سەفەری حەج گەڕاوەتەوە نووسیوە؛ کە دەربڕی ئەم خۆشەویستییەیە:

مــوژدە بــێ بــۆ بولبــولی دڵ گــوڵ لە باغــان هــاتەوە

قومری عومری خــۆی ســەرف کــا ســەروی بۆســتان هــاتەوە

حەریق

**٣- پێشینەی توێژینەوە**

دیوانی حەریق یەکەم جار لە لایەن کوردی مەریوانییەوە لە چاپخانەی مەریوانی لە بەغدا، ساڵی ١٩٣٦ ز. چاپ و بڵاو کراوەتەوە. جێی ئاماژەیە ئەم دیوانە کۆنترین دیوانی حەریقە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی دووری و دەست پێ ڕانەگەیشتنی نووسەر بە نوسخە و سەرچاوەیەکی باش و نزیک لە حەریق، هەڵەی تێکەوتبێت. زۆرجار ڕێنووسی وشەکان هەڵەیە، یان لە شیعرەکاندا وشەیەک و دووان داکەوتووە. لە هەموو چاپەکانی پێشووی دیوانی حەریقدا ئەو کەسانەی بەرپرسی چاپ دیوانی حەریق بوون بۆ ئەوەی زاراوەی دروستی شاعیر ڕابنێن؛ بەداخەوە زیاتر زاراوەی خۆیان بەسەر شیعرەکاندا داسەپاندووە؛. ئەو دیاردەیە هەموو چاپەکانی ئەم دیوانەی تووشی ناڕێکی کردووە.

دیوانی حەریق جاری دووهەم لە لایەن مەحموود خاکی، لە ساڵی ١٩٣٨ ز. لە پەخشانگەی الجمهوریه لە کەرکووک چاپ دەبێت و هەر وەک مامۆستا سپێهرەددین لە کتێبی مەنزوومەی شەمسیدا ئاماژەی پێ‌کردووە ئەویش هەر لە ڕووی نوسخەی *کوردی مەریوانییەوە* چاپ کراوەتەوە و هەڵەی زێدەتری وەسەر کەوتووە. ئەو دیوانە ئەو جیاوازییەی لەچاو کتێبەکەی *کوردی مەریوانی* هەیە کە کەمێک ڕێنووسەکەی گۆڕاوە و پاشان ئاماژە بە واتای هەندێک لە وشەکان کراوە و لە زۆر دێڕدا ئەو واتایانە دروست نین.

دیوانی حەریق بۆ جاری سێهەم لە وەشانگەی محەممەدی سەقز لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٦٩ ی کۆچی هەتاویدا چاپ بووە. لەم کتێبەدا سەرەتا ئەو غەزەلانەی لە ڕووی واتاوە ڕوون بوون؛ لێکدانەوەیان بۆ کراوە و ئەو غەزەل و دێڕانەی ناڕێکی بێژەیی و واتاییان بەرچاو بووە؛ شرۆڤە نەکراون. جێی ئاماژەیە لەم دیوانەدا ئەو وتارانەی پەیوەندییان بە ژیانی حەریق و شێخی بورهان بووە؛ کۆ کراوەتەوە و لەم دیوانەدا چاپ کراوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو دیوانە ئەوەیە وێڕای گێڕانەوەی چەند بەسەرهاتێکی حەریق، لە بەشی کۆتاییدا فەرهەنگۆکێک بۆ شیعرەکانی حەریق تەرخان کراوە. هەر ئەو تایبەتمەندییانە هۆی قەبە بوونی کتێبەکەیە. ئەم چاپەی دیوانی حەریق بە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆییە؛ بەڵام لەبەر نەبوونی کەرەستەی پێشکەوتوو نیشانە و مەوداکان لە جێی خۆیاندا بەکار نەهاتوون و لە کاتی خوێندنەوەدا زۆرجار خوێنەر تووشی هەڵە دەبێت. جێی ئاماژەیە لەم کتێبەدا نووسەر ڕاوێژی هەموو شیعرەکانی حەریقی گۆڕیوە و ڕێنووسی زۆرێک لە وشە ڕەسەنەکانیشی تێک داوە. جێی خۆیەتی ئەوەش زیاد بکەین لەم کتێبەدا ڕێک‌وپێکی و دانانی شیعرەکان جیاواز لە چاپەکانی پێشوویە، بەتایبەت غەزەلەکان ناویان بۆ داندراوە.



Kurdishbookhouse.com

بۆ جاری چوارەم دیوانی حەریق لە نووسینگەی تەفسیر لە لایەن *نەوزاد کەڵهوڕ* لە ساڵی ٢٠١١ ز. چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لەم دیوانەدا هەڵەی زۆری ڕێنووسی و یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی لە زۆر شیعردا هۆی تێکدانی کێش و واتای شیعرەکان بووە. دیوانی حەریق جاری پێنجەم بە هەوڵی موحەممەد ئیسماعیل‌نەژاد و لە ساڵی ١٣٩٦ کۆچی هەتاوی لە پەخشانگای مانگ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**جێی ئاماژەیە ئەم وتارە یەکەم هەوڵی زانستییە لەسەر ساخکردنەوە شیعری حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ کە بە شێوازیی زانستی – توێژینەوەیی ئەنجام دراوە.**

**٤- پرسیارەکانی توێژینەوە**

١. ساخکەرەوانی شیعری حەریق بەپێی کامە نوسخەی خەتتی ساخکردنەوەی شیعری حەریقیان ئەنجام داوە؟

٢. دوای چەند جار چاپ و بڵاوبوونەوە، دیوانی حەریق پێویستی بە ساخکردنەوە و خوێندنەوەی دووبارە هەیە؟

**٥- پێناسەی نوسخە خەتیەکانی دیوانی حەریق بۆ ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە**

**نوسخەی «ئەلف»:** بۆ ساخکردنەوەی ئەم دیوانە، نوسخەی «ئەلف» وەک نوسخەی بنەما ناسراو. نوسخەی بنەما نوسخەیەکە لە نێوان چەند نوسخەی پەڕتووکێک لە هەموویان کۆنتر و دروستترە و بە ڕێکەوتی کۆچی دوایی نووسەری دەق نزیکترە و وەک بناغەی ساخکردنەوەی دەق دیاری دەکرێت. نوسخەی سەرەکی، واتە نوسخەی بنەما بۆ ئەنجامی ئەو ساخکردنەوەیە کەشکۆڵێکە بە خەتتی میرزا مەحموود شابەندەر، خۆشنووسی بەناوبانگی مەهابادی کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣١٢ تا ١٣١٤ ک. م. بۆ سەید ڕەشید، قوتابی ناسراوی حەریقی نووسیوە. گرینگی ئەم نوسخەیە لەوە دایە سێزدە تا چاردە ساڵ بەر لە کۆچی دوایی حەریق نووسراوەتەوە و بەدڵنیاییەوە حەریق ئەو نوسخەیەی دیتووە. ئەو نوسخەیە بۆ ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە بە نوسخەی «ئەلف» ناسێندراوە.

**نوسخەی «ب»:** شایانی باسە جگە لە «نوسخەی بنەما» کە لە ڕوانگەی ساخکەرەوە لە نێوان نوسخەکانی جێ‌باوەڕی بەرهەمێکدا وەک بڕوا پێکراوترین نوسخە دەناسرێت؛ ڕەنگە نوسخەگەلێکی تریش هەبن بایەخی زانستییان ڕەچاو نوسخەی بنەما لە پلەی دووهەم و سێهەمدا بێت؛ ئەو نوسخانە بە نوسخەی جێگر، یان «بەدەڵ» ناسراون. ساخکەرەوە دەقی «نوسخەی بنەما» لەگەڵ نوسخەی «بەدەڵ» بەراورد دەکات و لە پەراوێزدا ئاماژە بە جیاوازییەکانی نێوان نوسخەکان دەکات؛ بۆیە لەم ساخکردنەوەیەدا جگە لە نوسخەی«ئەلف» کە وەک نوسخەی بنەما و سەرەکی ناساراوە؛ نوسخەی «ب» ش وەک نوسخەی جێگر بۆتە پاڵپشت بۆ ئەم ساخکردنەوەیە. و ئەم نوسخەیە لە دوو بەش پێک‌هاتووە؛ **بەشی یەکەم:** بریتییە لە سەرجەم شیعری شاعیرانی بەشی دووهەمی نوسخەی «ئەلف» و لە ساڵی ١٣١٣ ک. م. بە خەتتی سوڵتان ناوێک و بە پێشنیاری سەید ڕەشید موریدی ناسراوی شێخی بورهان نووسراوەتەوە. **بەشی دووهەم:** بەشی دووهەمی ئەم نوسخەیە بە جیا و بە خەتتێکی دیکە نووسراوەتەوە. لەم بەشەدا هەندێک شیعری کوردی و فارسی حەریقی تێدایە کە پێشتر بە خەتتی میرزا مەحموود لە نوسخەی «ئەلف» و نوسخەی «ب» دا نەنووسراونەتەوە. لەم نوسخەیەدا شیعرەکان بە خەتتێکی ئاسایی و بە وردی نووسراونەتەوە؛ بەڵام لەم نوسخەیەشدا ئاماژە بە نێوی نووسەر و ساڵی نووسینەوە نەکراوە.



Kurdishbookhouse.com

**٦- شێوازیی پێداچوونەوە و ساخکردنەوە**

نوسخەی سەرەکی بۆ ساخکردنەوەی شیعرەکانی حەریق لەم توێژینەوەیەدا، نوسخەی «ئەلف» بووە، واتە ئەم نوسخەیە بە بنەما وەرگیراوە. بەو پێیەی نوسخەی «ب» ش ئەو بەشەی وا بە خەتتی سوڵتانە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ نوسخەی «ئەلف» نەبوو؛ ئەو نوسخەیەش بۆتە پاڵپشتی ئەم ساخکردنەوەیە. نوسخەی «ئەلف» هێندە جوان و ڕازاوە نووسراوە کە کەم وا هەیە دێڕ، یان غەزەلێکی ناتەواو و ناڕوونی تێدا هەبێت. بە ڕێنووسی کۆن جاری وا هەیە وشەیەک بە ڕواڵەت واتاگەلی دیکەشی لێبکەوێتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم، یان بەشێک لە وشەکانی دێڕێک هەیە.

**٧- تەوەریی سەرەکی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بەشێک لە کەموکووڕی و هەڵەکانی دیوانی حەریق لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ لە ئاستی زمانیدا بەتایبەت وشە و لێکدراوەکان، داکەوتنی وشە و پیت شیکراوەتەوە و پاشان بە سوود وەرگرتن و بەراورد لەگەڵ نوسخە خەتتییەکان شێوەی دروستی وشە و دەستەوشەکان لە دێڕەکاندا نووسراوە. جێی ئاماژەیە شێوازیی پیتچینی و مەودا و نیومەودای نێوان وشەکانی ئەم دیوانە تاڕادەیەک ئاڵۆز و شێواوە کە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئاستەم کردووە و گەر خوێنەر وردبین نەبێت، ڕەنگە تووشی هەڵە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ناتەواو بێت. لە زۆر دێڕدا وشەکان وەها پێکەوە لکاون کە هۆی لێڵی واتایە و واتایەکی تر، جیاواز لە مەبەست و واتای سەرەکی شیعر دەگەیەنن. گۆڕانکارییەکی تری شیعری حەریق لەم دیوانەدا ئەو بابەتەیە کە بۆ «کارە» کانی شیعری حەریق پێشگری «ئـ» بەجێی پێشگری «دە» بەکار هاتووە. پێویستە ئاماژە بکرێت حەریق لە ناوچەی موکریان ژیاوە و وەک لە خوێندنەوەی نوسخەکاندا دەردەکەوێت کەمتر وا هەیە پێشگری «ئـ» بۆ ئەو کارانە هێنابێت کە لە موکریاندا بە پێشگری «دە» بێژە دەکرێن. پێشتر دیوانی حەریق کۆکراوەی کوردی مەریوانی و کەریم خاکی ئەم شێوازەیان (پێشگری «ئـ») بەکار هێناوە. لە دیوانی حەریق، کۆکراوەی نەجمەددین ئەنیسی ئەم ڕەوتە زۆر بەلای شێوەزاری مەهابادی شکاوەتەوە. بە هەردوو باردا ئەو گۆڕانکارییە هەڵەیە و بەهۆی زۆری لەم توێژینەوەیەدا تەنیا لە چەند دێڕێکدا ئەو بابەتە ساخکراوەتەوە.

گۆڕانکارییەکی تر دیوانی حەریق لێکۆڵینەوەی *نەوزاد کەڵهوڕ* ئەو بابەتەیە کە بێژەی زۆربەی وشە فارسییەکان شیعری حەریقی گۆڕاوە و بە بێژەی کوردی نووسراونەتەوە، ئەم بابەتەش وەک هەڵەیەکی تری ئەو لێکۆڵینەوەیە دەستنیشان کراوە؛ چونکە دیارترین تایبەتمەندیی شێوازیی شیعری قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست لە ئاستی زمانیدا، ڕەنگدانەوەی وشەکانی فارسی و عەرەبییە کە ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی دیاری ئەو شێوازە، یان ئەو قوتابخانەیە ناسراوە؛ کەوایە بێ ڕەچاو کردنی ئەو تایبەتمەندییەی شێوازیی قوتابخانەی کرمانجیی ناوەڕاست ئەو گۆڕانکارییە لە شیعری حەریقدا هەڵەیە؛ بۆ نموونە، «تیشنە» ی کردۆتە: تینوو؛ «چەمەن» ی کردۆتە: چیمەن؛ «سەروی چەمەن» ی کردۆتە: سەروی چیمەن ، یان «گوڵی بەنەفشەی» کردۆتە: گوڵی بنەوشە. نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: د، ذ ، ک،گ، و هتد، هاوشێوە بوونی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازییان تەنیا لە نوختە دایە؛ وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا، پاک بوونەوەی وشە و پیتەکان لە نوسخەکاندا دەکرێت وەک هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی ڕێنووسی ئەو جۆرە وشانە لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک بناسرێت.لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرەڕای هەڵەی زۆری ڕێنووسی، یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی وشەکانەیش وەک بابەتێکی نەرێنی ئەو دیوانە دەستنیشان دەکرێت. لەم بەشەدا



Kurdishbookhouse.com

سەرەتا ئاماژە بە دێڕی هەڵبژێردراو لە دیوانی حەریق لێکۆڵینەوەی *نەوزاد کەڵهوڕ کراوە* و هەڵەی هەر دێڕێک کە شیعری حەریقیان تووشی لێکدانەوەی ناتەواو، نارێکی کێشی و واتایی کردووە، شیکراوەتەوە؛ پاشان بە پشتبەستن بە نوسخە خەتتییەکانی بەردەست و سوود وەرگرتن لە پێوەریی زمانی و ڕەوانبێژیی ئاماژە بە دێڕە ساخکراوەکان و شەرح و لێکدانەوەی واتاکانیان کراوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەم بابەتەش بکرێت کە ساخکردنەوە جیاواز لە شەرح و لێکدانەوەیە و لە ساخکردنەوەدا هەر جۆرە لێکدانەوەیەک شێوازێکی زانستی و دروست نییە، بەڵام بۆ سەلماندنی دروستی وشە و لێکدراوە ساخکراوەکان و سەلماندنی هەڵەکانی شیعری ئەم دیوانە، بە شێوەیەکی ڕووکەشی لێکدانەوەی دێڕە ساخکراوەکان کراوە.

تۆ لە ئەوەڵ **گری** وەفات **هینایە نیو** مەیدانەوە

ئێستا چەوگانی **خیلافەت** پشتی سەد **وەعدی** شکاند

(دیوانی حەریق، کۆکراوەی نەوزاد کەڵهوڕ، ٢٠١١: ٤٢)

لەم دێڕەدا، بە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشی بەو ئەنجامە دەگەین، جگە لە هەڵەی ڕێنووسی، گۆڕانکاریی بێبنەما لە وشە سەرەکییەکان هۆی نارێکی واتای دێڕەکەیە؛ بۆ نموونە، بەپێی پێوەریی ڕەوانبێژیی دەتوانین بڵێین لە باڵی یەکەمدا وشەی «گری» هەڵەیە و لە ڕاستیدا ئەم وشەیە «گۆی» یە و لەگەڵ وشەکانی «چەوگان و مەیدان» هاوڕێژەیی، یان ڕازەی چاولەیەکیان هەیە، لە باڵی دووهەمیشدا وشەی «خیلافەت» بە واتای جێنشینی هەڵەیە و دەبێت ئەم وشەیە «خەلافت» بێت کە واتای «دژایەتی» هەیە و بەم جۆرە واتای دێڕەکە و لایەنی جوانناسی شیعرەکە دەردەکەوێت. لەم وشانەش «هینایە، نیو، وەعدی» هەڵەی ڕێنووسی هەیە. دوای ئەم لێکدانەوەیە و بەپێی خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان و بەراوردیان لەگەڵ یەکتر دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

تۆ لە ئەووەڵ گۆی وەفات هێنایە نێو مەیدانەوە

ئێستە چەوگانی خەلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند

واتا: تۆ هەر لە سەرەتاوە باسی وەفاداریت کە وەک گۆی چەوگانە «لە گۆڕەپانی خۆشەویستیدا» دەرکاند؛ کەچی دەبینم بەڵێنەکانت نابەیتە سەر و بە بێوەفایی پشتی هەموو وادەکانت دەشکێنی و هەر دەڵێی بە گۆچانی دژ و پێچەوانە لە پشتی گۆی وەفات داوە.

*************

**بۆ** چاوی کەوا مەستە، دڵ **ستە** سەرم مەستە

ئەم ئەبرۆیە **پێویستە**، بۆ قەتلی **مرحیناتت**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٢٨)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا بە لێکدانەوەی واتای دێڕەکە و بەپێی خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان وشەی «بۆ» دەبێ بکرێتە «بەو». هەر لەم باڵەدا «ستە» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و ئەم وشەیە «سستە» یە، بە واتای بێهێز. لە باڵی دووهەمدا وشەی «پێویستە» دەبێ «پەیوەستە» بێت کە ئاوەڵناوێکی برۆیە و لە شیعری کلاسیکدا «برۆی پەیوەست» لێکدراوێکی ناسراوە.



Kurdishbookhouse.com

سەرواى دێڕەکەش «مرحينانت» هەڵەیە و دەبێت «موحيببانت» بە واتاى ئەويندارانت بێت و بەم جۆرە واتاى دێڕەکە دروست دەبێت. دواى ئەو شرۆڤەیە دێڕەکە بەپێى نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

بەو چـــاوە کەوا مەســـتە، دڵ سســـتە ســـەرم مەســـتە

ئەم ئەبـــرووە پەیوەســـتە، بـــۆ قەتڵـــى موحیببانـــت

واتا: بەو چاوە مەستەت دڵم بێهێز دەبێت و دەلەرزێت و سەریشم شاد و سەرخۆش بووە؛ برۆى پەیوەستت بۆ کوشتنى ئەوانەى خۆشیان دەوێى، بەسە.

***************

تەنهـــا کە «**حەریـــق**» **ی** مـــن **بـــر** شـــمع شبســـتانت

مەمکـــــوژەرەوە تۆخـــــوا، **ســـات و** بە **رەفیقانـــت**

(دیوانى حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٢٩)

لەم دێڕەدا، لە باڵى یەکەمدا بە لێکدانەوەى واتا و بەپێى نوسخە خەتتییەکان وشەى «حەریق» ى دەبێت «حەریق» م بێت، پاشان هەر لەم باڵدا «بر» دبێت «بۆ» بێت. لە باڵى دووهەمیشدا وشەى «سات و» هەڵەیە و دروست وایە بکرێتە «سا تۆ»، سەرواى دێڕەکەش «رەفیقانت» دەبێ بکرێتە «ڕەقیبانت» ـە و بەم جۆرە واتا و وێنەى شیعرى دێڕەکە دەردەکەوێت. لە شیعرى کلاسیکدا ڕەقیب بەردەوام لە دژایەتى دڵدار دایە و ئەم وشەیە زێدەتر واتـاى دێـڕەکە ڕێـک دەکـات. دێـڕەکە بەپێـى نوسـخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

تەنهـــا کە «حەریـــق» م مـــن بـــۆ شـــەمعى شەبســـتانت

مەمکـــــووژەرەوە تۆخـــــودا، ســـــا تـــــۆ بە ڕەقیبانـــت

واتا: من تەنیا حەریق و ئاگرێکم بۆ مۆمى خەوتنگەت؛ تۆ خودا بە پاسەوانەکانت مەمکووژێنەوە.

***************

عاشـــقى **ســـەرو و قەدت** قـــومرى صـــفت زارى ئەکـــا

ڕووى گـــوڵى تـــۆ بلبلـــى دڵ فێـــرى غەمخـــوارى **ئەکـــا**

(دیوانى حەریق، کۆکراوەى نەوزاد کەڵهوڕ، ٢٠١١: ٤٢)

لەم دێڕەدا، لە باڵى یەکەمدا لێکدراوى «سەر و قەدت» هەڵەیەکى دیارە. لە شیعرى کلاسیکدا لە دیوانى زۆربەى شاعیراندا شوبهاندنى دارى سەوڵ بە باڵاى دڵبەر شـوبهاندنێکى نـاسراوە لە جـۆرى شـوبهاندنى ڕەوان و دەبێـت لەم بـاڵەدا «سـەر و قەدت»، «سەروى قەد» بێت و بەم جۆرە واتا و وێنەى شیعرى و لایەنى جوانیناسى دێڕەکە دەردەکەوێت. لەم دێـڕەدا وەک لە سەرەتادا باس کرا زۆربەى لێکۆڵەرانى شیعرى حەریق بە هەڵە پێشگرى «ئـ» یان بەجێى «دە» بـۆ کارەکـانى شـیعرى حەریـق



Kurdishbookhouse.com

بەکار هێناوە، کە ئەم بابەتە لە شیعری حەریقدا وەک گۆڕانکارییەکی هەڵەی ئاستی زمانی شیعری حەریق ناسراوە. دوای ئەو شرۆڤەیە دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

عاشـقی سـەروی قەدت قـومری سـیفەت زاری دەکـا

ڕووی گـوڵی تـۆ بولبـولی دڵ فێـرە غەمخـواری دەکـا

واتا: ئەوینداری سەوڵی باڵات وەکوو کۆترە شینکەیەک وایە، بۆ باڵات شین دەگێڕێت و ڕوخساری جـوانی وەک گوڵـت دڵ کە وەکوو بولبولێکی ئەویندارە، فێری خەمخواردن دەکات.

***************

**شـاهمە حەواسـم** کە سـەکەم چەنـدە کەساسـم

بە خـــودا نـــیە **غیـــرەت** لە خیـــا**ل** و لە نظرمـــا

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٢٣)

لە بـاڵی یەکەمـی ئەو دێـڕە، دەستەوشـەی «شـاهمە حەواسـم» هەڵەیە و واتـایی دێـڕەکەی تێکـدا داوە، لە ڕاسـتیدا ئەم دەستەوشەیە «شاهیدمە حەواسم» ـە و بەم جۆرە واتا و وێنەی شیعری و لایەنی جوانیناسـی دێـڕەکە دەردەکەوێـت. لە بـاڵی دووهەمدا بەکار هێنانی وشەی «غیرەت» هەڵەیە و لەگەڵ واتای دێڕەکە خوێندنەوەی نییە و دروست وایە بکرێتە «غەیرت» بە واتای کەسێکی تر. دوای ئەو لێکدانەوەیە دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

شـاهیدمە حەواسـم کەسـەکەم چەنـدە کەساسـم

بەخـــودا نیـــیە غەیـــرت لە خەیـــاڵ و لە نەزەرمـــا

واتا: ئەی هەموو کەسەکەم! هەر پێنج هەستەکەم شایەتی دەدەن چەندە وەڕەز و خەمبارم! وەڵـڵا ! جـگە لە تـۆ کەسـێکی دیکەم لە خەیاڵدا نییە و خۆش ناوێت.

***********

مرغـــی دڵ بـــرژا لەبەر قـــرچەی هەتـــاوی **فرقنـــت**

تـــاوەکو کەی داوی زولفیشـــــت گرفتـــاری **ئەکـــا**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٢١)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا وشەی «فرقنت» هەڵەیە و لە ڕاستیدا دەبێت «فیرقەت» بە واتای دووری بێت و لەم بـاڵەدا هەر بەم واتایە بەکار هـاتووە. شـاعیر «دڵـی» بە «باڵنـدە» و «دووری» بە «هەتـاو» کە گەرمـی خسـتۆتە نـاو دڵـی ئەویـندارەوە و «زولفیشی» بە «داو» شوبهاندووە. زولفینت: زولفین گۆڕاوی وشەی زوفرینە بە واتای ئاڵقەی ئاسنیی دەرگـا، هاوواتـایە بـۆ پێچوخولی ئەگـریجە. بەداخەوە لە زۆربەی دیوانەکانـدا بە زولفەیـن تۆمـار کـراوە. زولـف وشـەیەکی فارسـییە و نیشـانەی دوانەبوونی عەرەبی ناگرێت. دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:



Kurdishbookhouse.com

مـــورغی دڵ بـــرژا لەبەر قـــرچەی هەتـــاوی فیرقەتـــت

تـــا وەکـــــوو کەی داوی زولفینـــــت گرفتـــاری دەکـــا

واتا: دووریت وەکوو هەتاو دڵمی برژاندووە، ئاخۆ بڵێی تاکەی مەلی دڵم لە داوی پرچی تۆدا کە وەکـوو دیـل وایە، بەنـد ببێت؟ یان دڵم وەکوو باڵندەیەک وایە کەوتبێتە بەر گەرمی هەتاوی دووریت و بسووتێت و وەقرچەقرچ کەوتبێت.

****************

**شایســـــــتەی** شـــــــانت کە **ڕەئـــــیس العلـــــما**

ڕێـــم نـــــاکەوێ **حەدم** نیـــیە **تعـــــداد فەصـــالت**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٣٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا لێکدراوی «شایستەی شانت» بەپێی نوسخە خەتتییەکان دەبێ بکرێتە «شایستەیە شەئنت» و وشەی «العلما» دەبێ بکرێتە «العلمایە». لە باڵی دووهەمدا بەپێی شرۆڤەی واتای دێڕەکە «حەدم نییە» هەڵەیە؛ دروست وایە بکرێتە «حەددی نییە» کە واتای لە ڕادەبەدەری هەیە. سەرواکەش «فەصالت» دەبێ بکرێتە «خیسالت» بە واتای خوو و تایبەتمەندی و بەم جۆرە لایەنی جوانیناسی شیعرەکە دەردەکەوێت. دوای ئەو ساخکردنەوەیە بەپێی نوسخە خەتتییەکان دێڕەکە بەم جۆرە نووسرایەوە:

شایســـــــتەیە شـــــــەئنت کە ڕەئیســـــــولعولەمایە

ڕێـــم نـــــاکەوێ، حەددی نیـــیە تەعـــدادی خیســـالت

واتا: شان و شکۆت شیاوە کە سەرۆک و گەورەی زانایانە و ڕێم ناکەوێت و شایانی ئەوە نیم باسیان بکەم و بیانژمێرم؛ بەڕاستی لە ڕادەبەدەرن خوو و تایبەتمەندییە باشەکانت.

***************

تـــــۆ صـــــاحب **چـــاه** زنخـــــدانی قوربـــــان

ســـــەد یوســـــف کەنعـــــانی **دەبیەیـــتە** زیـــارەت

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٣١)

لە باڵی یەکەمی ئەم دێڕەدا، دوای «ساحیب» ، «ئەم» و دوای وشەی زنخدان «بی» داکەوتووە، یان قرتاوە، پاشان لە باڵی دووهەمدا وشەی «یوسف» دەبێ «ی» ی ئیزافەی پێوە بلکێندرێت و «دەبیەیتە» بەپێی نوسخە خەتتییەکان «دەبێ بێتە» یە. بەم جۆرە وێنەی شیعری دێڕەکە دەردەکەوێت. بەپێی نوسخە خەتتییەکان ئەم دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

تـــۆ ســـاحیبی ئەم چـــاهی زەنەخـــدانە بـــی قوربـــان

ســـەد یۆســـفی کەنعـــانی دەبـــێ بێـــتە زیـــارەت

واتا: قوربان تا خاوەنی ئەم چاڵی چەناگەیە بی، سەدی وەکوو یۆسفی پێغەمبەر کە لە چاڵدا یەخسیر بووە، دەبێ بێتە زیارەت.



Kurdishbookhouse.com

فیـــــدای زینـــــده **دلانــــی تەریـــقەت** خوبـــــانم

هەمیشـــــە تـــــازە **دەبـــــن** هەمیشـــــە **بەهـــــارە**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ۲۰۱۱: ۵۴)

لەم دێڕەدا، لێکدراوی «تەریقەت خوبانم» بەپێی خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان دەبێ «تەریقەتی خوبانم» بێت و بەم زیاد کردنەی «ی» ئیزافەی نێوان ئەم دوو وشەیە واتای لێکدراوەکە دروست دەبێت. لە باڵی دووهەمدا کاری «دەبن» واتای دێڕەکەی ناڕێک کردووە و ئەو کارە دەبێ «دڵن» بێت، پاشان لەم باڵەدا بە لکاندنی دەستەوشەی «وەک گوڵی» وێنەی شیعری و لایەنی جوانیناسی دێڕەکە دەردەکەوێت. هەڵەیەکی تری ئەم دێڕە ئەوەیە کە لە سەرەوای دێڕەکەدا «ە» دوایی زیادییە و بە بوونی ئەو«ە» یە سەرواکە تێک دەچێت و دەبێ سەرواکە بکرێتە «بەهار» و بەم چەشنە لەگەڵ سەرەوای سەرەکی شیعرەکەش ڕێک دەبێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و ساخکردنەوەی هەڵەکان بەپێی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە نووسرایەوە:

فیـــــدای زینـــــدەدڵانی تەریقـــــی خووبـــــانم

هەمیشـــــە تـــــازەدڵن وەک گـــــوڵی هەمیشـــــە بەهـــــار

واتا: بە قوربانی تەریقەتی پێڕەوانی پیاوچاکان بم؛ بەردەوام دڵیان ڕوون و گەشە وەکوو گوڵی هەمیشە بەهار و بەردەوام دڵی ئاگایان خونچەی تازە دەردەکات و لە نوێبوونەوە دان و هەردەم جوانن.

***************

چـــاوەکەم لەو بـــاغی حوســـنە مەنعـــی چـــاوی مـــن مەکە

لازمە بـــۆ پاســـەبانی بـــاغەکەت **جـــوتی عەســـعەس**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ۲۰۱۱: ۵۶)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەمدا سەرەوای «عەسعەس» هەڵەیە و ئەم وشەیە لە ڕاستیدا «عەسـەس» ـە و بەم جۆرە سەرەوای دێڕەکە لەگەڵ سەرەوای گشتی ڕێک دەبێت. پاشان وشەی «جوتی» دەبێت «جووتێ» بێت کە بەم جۆرە واتای دێڕەکە دەردەکەوێت. دوای ئەم لێکدانەوەیە و ساخکردنەوەی هەڵەکان بەپێی نوسخە خەتتییەکان، دێڕەکە بەم جۆرە نووسرایەوە:

چـــاوەکەم لەو بـــاغی حوســـنە مەنعـــی چـــاوی مـــن مەکە

لازمە بـــۆ پاســـەبانی بـــاغەکەت جـــووتێ عەســـەس

واتا: نووری چاوم! لە باغی جوانیتدا بەرگری لە چاوم مەکە و مەڵێ لێم مەڕوانە؛ چونکە بۆ ڕوخساری وەک باغت، جووتێ پاسەوان پێویستە، با ئەوانیش چاوی من بن.

نـــان و ئـــاوی ئەهلـــی دڵ **عوســـــەیە** و **خـــوتبی** جـــگەر

دەســـــتی بەرداوە لە **عەرزە** تـــــالبی نـــــانی بەلاش

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ۲۰۱۱: ۵۸)



Kurdishbookhouse.com

لەم دێڕەدا، لە وشەکانی «عوسەیە و خوتبی» هەڵەی ڕێنووسی هەیە و دەبێ ئەم وشانە «غوسەیە و خوێنی» بن، «هەر» یش پێش ئەم وشانە لە باڵەکەدا داکەوتووە؛ پاشان لە باڵی دووهەمدا وشەی «عەرزە» هەڵەیە و دروستەکەی «عوزرە» بە واتای بیانوو. دوای ساخکردنەوەی هەڵەکان، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە نووسراوەتەوە:

نـان و ئـاوی ئەهلـی دڵ هەر غوسسـەیە و خـوێنی جـگەر
دەســـتی بەرداوە لە عـــوزرە تـــالیبی نـــانی بەلاش

واتا: ئەهلی دڵ، واتە ئەو کەسانەی دڵیان بە نووری خوداناسی ڕووناک بۆتەوە؛ نانیان خەمە و ئاویان خوێناوی جەرگە دەستیان لە ماڵی دونیا و سامانی کە وەک منداری بۆگەنیوە بەرداوە؛ خوازیاری نانی مفتیش هیچ بیانوویەکی نییە و ڕووی کردۆتە مفتەخۆری.

***************

**هەرکەســــی دانگـــــی** شـــــعوری **شـــــیعرێکی** هەیە
**ئەبلەیی دەنگ** بۆتە ساحیب مولکی شەش **دانگ** مەعـاش
(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٥٨)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا لە وشەکانی «هەرکەسی» و وشەی «دانگی» هەڵە ڕێنووسی هەیە و کاری «بێ» دوای وشەی «شوعوور» لە باڵەکەدا داکەوتووە. دیسان وشەی «شیعرێکی» دەبێ «شەعیرێکی» بە واتای «دەنکە جۆ» بێت، کە درکەیە لە شتێکی چکۆلەی بێبایەخ. لە باڵی دووهەمدا دەستەوشەی «ئەبلەیی دەنگ» واتای دێڕەکەی تێکداوە و لە ڕاستیدا ئەو دەستەوشەیە دەبێت «ئەبلە بێدەنگ» بێت و بەم جۆرە واتای دێڕەکە دەردەکەوێت. پاشان لە وشەی «دانگ» دا «ی» ی ئیزافە بۆ ڕێکبوونی کێشی شیعرەکە زیاد بکرێت. لە دیوانی *کوردی مەریوانی*، *مەحمود خاکی* و *نەجمەددین ئەنیسی* لە باڵی یەکەمدا کاری «هەیە» لە کۆتایی باڵەکە نووسراوە و بەپێی خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکان و واتای دێڕەکە دروست وایە ئەم کارە بکرێتە «نییە». شەعیر: نێوی دەغڵێکی ناسراوە کە بە فارسی و هیندی جۆی پێدەڵێن. دوای ساخکردنەوەی هەڵەکان، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە نووسراوەتەوە:

هەرکەسـێ دانگـێ شـوعووری بـێ، شـەعیرێکی نییە
ئەبلە بێدەنگ بۆتە ساحێب مـوڵکی شەشـدانگی مەعـاش

واتا: ئەو کەسەی دانگێک هۆش و مشووری هەیە؛ دەنکە جۆیەکی نییە و نەفامیش بە بێدەنگی بۆتە خاوەنی شەشدانگی ڕزق و ڕۆزی.

هەمـوو کەس بـا بزانـێ مـن کە سـەودای زولفـی دووتـاتم
لە خـانەی **گـوڵم** دا **کـۆلم** بە فەرزی شـای و روخـت مـاتم
(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٦٠)



Kurdishbookhouse.com

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەمدا وشەی «گوڵم» لە باری واتاییەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ واتای سەرەکی دێڕەکە نییە و ئەو وشەیە لە ڕاستیدا «کوول» ـە و لەگەڵ وشەکانی «فەرز، شا، ڕوخ، مات» ڕازەی چاولەیەکیان هەیە و هەموویان بە یاری شەترەنجەوە پەیوەستن. وشەی «کۆل» دروستەکەی «کۆڵ» ـە، کە واتای کۆڵەواری هەیە. «و» ی نێوان دوو وشەی «شای و ڕوخت» زیادییە و دەبێت بقرتێت و بەم جۆرە شوبهاندنەکە و لایەنی جوانیناسی و وێنەی شیعری دێڕەکە دەردەکەوێت. دوای ئەو شرۆڤەیە دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دووتاتم

لە خانەی کوولدا کۆڵم بە فەرزی شای ڕوخت ماتم

واتا: با هەموو کەس بزانێت خوازیار و هەڵوەدای ئەگریجەی دوولا و چەماوتم، لە خانەی فیلدا- کە زۆر بەهێزە- بێ زەین و کۆڵەوارم و بە لەبەر چاوگرتنی شای ڕوخسارت مات بووم.

***************

موتاڵای حاشییەی زوڵفی **سەری** سەفحەی ڕوخی **سەعیە**

**لە بۆم** چابوو بە منداڵی لە دەرسی **عشقا** ڕاهاتم

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٦١)

لەم دێڕەدا، دەستەوشەی «سەری سەفحەی» دروست وایە بکرێتە «لەسەر سەفحەی» ، پاشان وشەی «سەعیە» هەڵەیە و بەپێی لێکدانەوەی واتای دێڕەکە ئەم وشەیە «سەعبە» یە کە وشەیەکی عەرەبییە بە واتای «ئاستەم» و بەم جۆرە واتای دێڕەکە دروست دەبێت. دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

موتاڵای حاشییەی زولفی لەسەر سەفحەی ڕوخی سەعبە

بەوەم چا بوو بە منداڵی لە دەرسی عیشقی ڕاهاتم

واتا: خوێندنەوەی پەراوێزەکانی ئەگریجەی کە کەوتۆتە سەر لاپەڕەی ڕوخساری کەمێک ئاستەمە، من کە دەتوانم بیانخوێنمەوە لەبەر ئەوەیە هەر لە منداڵییەوە فێری وانەی ئەوین و خۆشەویستی بووم.

***************

**بۆ تاری سەری زولف و منیش ئەشکی بە حەسرەت**

خۆش بەیەکا **ڕشتەی دام و دانەو مەرجان**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٩٨)

لەم دێڕەدا، شاعیر خۆی لە بەرامبەر دڵبەرەکەی داناوە؛ کەوایە لە نیو باڵی یەکەمدا بەپێی ئەوەی لە نیو باڵی دووهەمدا جێناوی سەربەخۆی «من» هاتووە، دەبێت وشەی «بۆ»، جێناوی سەربەخۆی «تۆ» بێت و بەم جۆرە هاوڕێژەیی واتایی لە نێوان باڵەکانی دێڕەکە پێک دێت؛ پاشان بە دەرکەوتنی ڕازەی پێچەوپەخشەی ڕێک ئەو بەرامبەرکردنەی نێوان شاعیر و دڵبەر زیاتر خۆدەنوێنێت، واتە شاعیر زولفی دڵبەری بە ڕیشتە و ئەشکی خۆشی بە مەرجان شوبهاندووە.. دوای ئەو لێکدانەوەیە دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتیەکان بەم جۆرە ساخکراوە:



Kurdishbookhouse.com

تۆ تاری سەری زولف و منیش ئەشکی بە حەسرەت

خۆش دێن لەیەک ئەو ڕیشتە و ئەم دانەیـی مەرجـان

واتا: تاڵی پرچت و فرمێسکی تاسەم چەند جوان لێک دەکاڵێنەوە بۆ دروست کردنـی ملـوانکەیەک، تـاڵی پـرچ، ڕشتە و فرمێسکیش دەنکە مەرجانەکانێتی.

***************

گــــردی **ذقــن ســـپی پـــرر ئەســـپی** عەجایـــب

زەخمـــی هەیە بـــۆ شاهـــ و گەدا **کـــوی** محمـــد

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٤٤)

لەم دێڕەدا، لێکدراوی «ذقن سپی» هەڵەیە و دەبێت «زەقەنی سیبی» بێ، واتە چەناگەی خڕی وەک سێو کە شـوبهاندنێکی ناسراوە لە شیعری کلاسیکدا و بەم واتایە لایەنی جوانیناسی دێڕەکە بەهێـز دەبێـت، پاشـان لێکـدراوی «ئەسـپی عەجایـب» بێواتایە و دەبێت ئەم لێکدراوە «ئاسیبی عەجایب» بە واتای ئازار و برینی سـەیر و سـەمەرە بێـت. لە وشـەی «پـرر» هەڵەی ڕێنووسی هەیە. وشەی «کوی» بەپێی واتای دێڕەکە و خوێندنەوەی نوسخە خەتتییەکـان دەبـێ بکـرێتە «گـوویی». دوای ئەو لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

گــردی زەقەنـــی ســیبی پـڕ ئاســیبی عەجایــب

زەخمـــی هەیە بـۆ شاهـــ و گەدا، گـوویی مـوحەممەد

لەم دێڕەدا، گوویی: مەبەست گۆی خڕی چەناگەیە و بە «کوویی» ش دەکرێت بخوێندرێتەوە؛ بەڵام ئەو کات هـاوڕێژەیی نێوان وشەکان کەمتر دەبێت. لەنێوان «سیب و ئاسیب» دا هاوشێوەی زیادی سەرەتا هەیە. واتا: چەناگەی خڕی وەک سـێوی پڕ لە ئازار و برینی سەیر و سەمەرە، ئەو گۆ خڕ و چەنە خڕە زام و ژانی بۆ هەمووکەس (چ شا بێ و چ گەدا) هەیە.

***************

**بـــا** وەکـــو مـــن بەخـــت و تـــالع، **بـــاوەر** و یـــارم نەبـــوو

**جیـــی** موتـــالا و نـــۆرە دەرســـم **بـــووەتە دەوری نـــوبە** ئـــاش

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٥٩)

لەم دێڕەدا، لە وشەکانی «باوەر، جیی، دەوری، نوبە» هەڵەی ڕێنووسی هەیە. دوای ئەو لێکدانەوەیە، دێڕەکە بەپێی نوسخە خەتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

یـــا وەکـــوو مـــن بەخـــت و تـــالیع یـــاوەر و یـــارم نەبـــوو

جێـــی موتـــاڵا و نۆبەدەرســـم بـــۆتە دەورەی نۆبەئـــاش

واتا: یان دینی کەسێکی وەکوو من کە بەخت یارمەتیدەرم نەبووە و بەجێی خوێندنەوە و نۆرەی دەرس‌وەرگرتن، کارم بـۆتە لە نۆرەی ئاشدا ڕاوەستان.

وەک ئەرەســـتۆ جیهـــانگیرم، ســـکەندەر **بـــی** نیـــیە

**جـــاری (بابـــا)** ڕەفـــیقم **بـــی** وەکـــو یولداشـــی بـــاش

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٥٩)



Kurdishbookhouse.com

لەم دێڕەدا، هەڵەی ڕێنووسی لە وشەکانی «بی، جاری، بابا» هەیە. لە باڵی یەکەمدا دوای «ئەرەستوو» کاری «بم» داکەوتووە و واتای دێڕەکەی ناتەواو کردووە. یولداش لە دیوانی *کوردی مەریوانی* و *مەحمود خاکی دا* «یۆڵداش» ـە. یولداش: وشەیەکی تورکییە بە واتای هاوڕێ. ئەم دێڕە بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

وەک ئەرەستوو بم جیهانگیرم سکەندەر بێ، نییە

جارێ بابایەک ڕەفیقم بێ وەکوو یوڵداشی باش

ئەسکەندەری مەقدوونی پادشای یۆنانی کەونارا، کوڕی فیلیپی دووهەم، ساڵی ٣٥٦ی بەر لە زایین بە دونیا هاتووە و ١٦ ساڵ قوتابی ئەرەستوو بووە. واتا: ئەگەر وەک ئەرەستووی زاناش بم و ئەسکەندەری دەسەڵاتدار قوتابیم بێت؛ کەس شک نابەم هاوڕێم بێت و لەگەڵم وەک هەڤاڵێکی باش هەڵسووکەوت بکات.

***************

خاڵ و خەتی بێ حەد کە هەموو **جومعەلەسەرخۆ**

وەک زەنگی لەگەڵ **خورو** وەکو زاغ و **عەتارن**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٥٩)

لەم دێڕەدا، وشەکانی «جومعەلەسەرخۆ، خور، عەتارن» هەڵەی ڕێنووسییان هەیە. بێحەد: بێژومار. خەد: ڕوخسار. زەنگی: ڕەش پێست. عوقار: ناوی باڵندەیەکە. لەنێوان وشەکانی «خەت و خەد» هاوشێوەی هاوڕەگەز «جیاوازی نەبزوێنی دوایی» و لەنێوان وشەکانی «حەد، خەد» هاوشێوەی خەت هەیە. لەم دێڕەدا، پێچەوپەخشەی ڕێک و شوبهاندنی لێکدراو هەیە. دوای ئەو لێکدانەوە و ساخکردنەوەیە واتای دروست و لایەنی جوانیناسی دێڕەکە دەردەکەوێت. بەپێی نوسخە خەتتییەکان دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

خاڵ و خەتی بێحەد کە هەموو جەمعە لەسەر خەد

وەک زەنگی لەگەڵ حۆر و وەکوو زاغ و عوقارن

واتا: خاڵ و خەتتی زۆر و زەوەندیان کە لەسەر کوڵمەیان کۆبۆتەوە، دەڵێی قولەڕەشەن لە پەنا خۆردا، یان وەکوو قشقەڕە و عوقار ڕەشن.

***************

تا سنبلی زولفت بووە پەرژینی گوڵی رووت

ئەم دیوە لە **دەوریشەوە عیشە** خەت و خاڵان

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ٩٧)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەمدا وشەکانی «دەوریشەوە و عیشە» هەڵەن و دەبێت ئەم وشانە «دووریشەوە و عیشوەی» بێت و بەم جۆرە واتای دێڕەکە دروست دەبێت. بەپێی نوسخە خەتتییەکان دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوە:

تا سونبولی زولفت بووە پەرژینی گوڵی ڕووت

ئەمدیوە لە دووریشەوە عیشوەی خەتوخاڵان



Kurdishbookhouse.com

واتا: تا ئەو کاتەی سونبولەکانی پرچت وەکوو پەرژین دەوری ڕوخسارتیان داوە، نازێکی خەت و خاڵەکـانتم لە دووریشـەوە هەر نەدیتووە.

***************

مەزرەعەی **موهر** و موحبەت توخمی **وەسلی** شین نەکرد

گـــوڵ بە شـــادی **دائەچێـــنم** خــاری غەم **ئەڕوێــتەوە**

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ١٢٢)

لەم دێڕەدا، لە باڵی یەکەمدا وشەی «موهر» بەپێی ئەوەی دوای ئەو وشەی «موحەبەت» هاتووە، دەبـێ بکـرێتە «میهـر» کە هاوڕێژەیی واتاییان لەگەڵ یەک هەیە. بەپێی نوسخە خەتتییەکان دێڕەکە بەم جۆرە ساخکراوەوە:

مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکـرد

گـــوڵ بە شـــادی دادەچێـــنم خــاری غەم دەڕوێــتەوە

واتا: کێڵگە و زەوی خۆشەویستی هەرچی تۆوی پێکگەیشتنم لێ چاند، هیچـی لـێ شـین نەبـوو، بە خۆشـحالی گـوڵ دادەچێنم؛ کەچی هەر دڕکی خەمی لێ سەوز دەبێت و بەرهەمێتی.

***************

قوربــانی وجــوە و ئومەنـای شـاهی روخـت بـم

**هەریەکە** لەجێـــی خـــۆی **چە ئەمرێکـــی** ئەدیـــبە

(دیوانی حەریق، کەڵهوڕ: ٢٠١١: ١١٤)

لەم دێڕەدا، لە باڵی دووهەمدا لە وشەکانی «چە و ئەمرێکی» هەڵەی ڕێنووسـییان هەیە و دەبـێ بکـرێنە «چ، ئەمیرێکـی». بەپێی نوسخە خەتتییەکان بەم جۆرە ساخکراوە:

قوربانی وجووهــ و ئومەنـای شـاهی ڕوخـت بـم

هەر یـــێکە لەجێـــی خـــۆی چ ئەمیرێکـــی ئەدیـــبە

واتا: بە قوربانی ڕواڵەت و ئەمیندارانی شای ڕوخسارت بـم؛ هەر کامەیـان لەلای خـۆیەوە وەک فەرمـانڕەوایەکی ئەدەب دۆست و زانایە.



Kurdishbookhouse.com

**ئەنجام**

بەپێی لێکدانەوەی دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕ و بەراوردیان لەگەڵ دوو نوسخەی خەتتی بەو ئەنجامە گەیشتین: ئەو دیوانە لێوڕێژە لە هەڵەی پیتچینی، ڕێنووسی، لێکدانەوەیی و داکەوتنی وشە. ناتەواوییەکانی ئەو دیوانە ئەو ڕاستییە دەردەخات، ئەو دیوانە پێویستی بە ساخکردنەوە و لێکدانەوەی دووبارەیە. لەم لێکۆڵینەوەی نەوزاد کەڵهوڕدا نوسخە، یان نوسخەگەلێک کە وەک پاڵپشت بۆ شرۆڤە و ساخکردنەوەی ئەم دیوانە سوودی لێوەرگیرابێت نێوی نییە، تەنانەت شێوازیی لێکۆڵینەوەکەش ناڕوونە و بەم جۆرە شیعری حەریق تووشی هەڵە لە ئاستی زمانی و واتاییدا بووە. سەرچاوەکانی ئەو دیوانە وەک زۆربەی توێژینەوەکانی تری کتێبخانەی کوردی ئاماژەی پێنەکراوە.

لە ڕاستیدا ساخکەرەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک بەگشتی لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەک کە لە لایەن بنووس و نووسەرانەوە بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک نەبوونی زانیاری لەسەر شێوازیی شیعری شاعیران و تایبەتمەندییەکانی شێوازناسیی هەر چاخێک و هەڵەی خوێندنەوەیی ڕووبەڕوویە. نزیکی شێوەی ڕێنووسی بەشێک لە پیتەکان وەک: د، ذ ، ک،گ، و هتدە، هاوشێوە بوونی ڕێنووسی ئەو پیتانەی جیاوازییان تەنیا لە نوختە دایە؛ وەک: «ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ر، ز، ژ، س، ش» لە سەرەتا و ناوەندی وشەکاندا، پاکبوونەوەی وشە و پیتەکان لە نوسخەکاندا دەکرێت وەک هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی بەشێک لە هەڵەکانی ڕێنووسی ئەو جۆرە وشانە لە دیوانی شاعیرانی کلاسیک بناسرێت. شیعری حەریق لە زۆر دێڕدا بە شێوازێکی دڵخوازی و زەوقی و زۆرجار بە شێوەی قیاسی لێکدانەوەی بۆ کراوە. لەم دیوانەدا واتای شیعرەکان بێ گرنگی دان بە کۆڵەکەکانی زانستی ڕوونبێژی و وێنەی شیعری تاوتوێ کراوە.



Kurdishbookhouse.com

**The Critical correction of the Hariq's Divan**

**Description of Kalhor**

**Jafar Ghahramany**[1]

**Abstract**

Hariq is one of the most famous poets of Kurdish literature who lived in the second half of the nineteenth century and the beginning of the twentieth century. His style of speaking in poetry, especially in sonnets, is influenced by the style of Middle Kermanji poets. The main reason for its fame is due to the pure lyric poems, which contain subtle themes and lyrical and love meanings containing high mystical points. Correction of the Divan of Classical Poets is a necessity that should be done based on scientific methodology, recognizing the criteria for correction and a critical view of the text; Only with these methods can the text be corrected and the damages found in the correction be recognized and corrected scientifically and correctly. In this article, an attempt is made to critically examine the Hariq's Divan, Kalhor's description and a brief statement of its inadequacies and shortcomings to point out the damages that have caused the commentator to slip in reading and recording verses. In this study, it is not enough to express the mistakes that have been accepted by the narrator, and finally, he has corrected many deviant verses from this divan based on the available versions, some of which have been mentioned in this article. The Divan of Hariq has been published several times so far; In fact, in none of these editions is the method of work known, and it is unclear to the reader and researcher which version or version the proofreader has done the proofreading. Apart from these efforts, there are still many errors in the recording of poems, which are mostly due to defects in the reading of the manuscripts, changes in the tastes of the copyists and commentators. This research has studied Hariq poetry by analytical-descriptive method. Recognizing these mistakes can help other proofreaders and block the repetition of similar mistakes.

**Keyword:** Classical poetry; Scientific correction; Poetry of Hariq.

[1] ghahjefer@gmail.com



Kurdishbookhouse.com

## سەرچاوەکان

ئەحمەدی شاوەیسی میکایلی، مەلاخدر(نالی)(١٣٧٨). ***دیوانی نالی***، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. چاپی پێنجەم. سنە:کوردستان.

ئەحمەدی، ئیبراهیم (١٣٨٩). ***فەرهەنگی مەتەڵ (چیستان) و لیچار (معما) ی کوردی***. چاپی یەکەم، سنە: علمی کالج.

---. (١٣٩٣). ***زێوەری زمان. فەرهەنگی کینایە و دەستەواژەکانی کوردی سۆرانی***. چاپی یەکەم، سنە: علمی کالج.

زێوییەیی، مەلا نەسروڵڵا (حەریق) (١٩٣٦). ***دیوانی حەریق***، لێکۆڵینەوە، کوردی مەریوانی. چاپی یەکەم بەغدا.

---. (١٣٦٩). ***دیوانی حەریق***، لێکۆڵینەوە، نەجمەددین ئەنیسی. چاپی یەکەم، سەقز: سەیدییان.

---. (٢٠١١). ***دیوانی حەریق***. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، نەوزاد کەڵهوڕ. چاپی یەکەم، هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.

قارەمانی، جەعفەر (١٣٩٦). ***زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی، بەشی یەکەم: جوانکاری***. چاپی یەکەم، سنە: زانستگای کوردستان.

---. (١٣٩٨). ***زانستی ڕەوانبێژیی ئەدەبی، بەشی دووهەم: ڕوونبێژی***. چاپی یەکەم، سنە: زانستگای کوردستان.

گەردی، عەزیز (١٩٧٥). ***ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا. بەرگی یەکەم. ڕوونبێژی***. چاپی یەکەم، سلێمانی: کاکەی فەلاح.

---. (١٩٧٥). ***ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا***. بەرگی دووهەم، جوانکاری. چاپی یەکەم، سلێمانی: کاکەی فەلاح.

---. (١٩٩٩). ***کێشی شیعری کلاسیکی کوردی***. چاپی یەکەم، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

## منابع فارسی

جهان بخش، جویا (١٣٧٨). ***راهنمای تصحیح متون***. چاپ اول ، تهران: میراث مکتوب.

سمیعی گیلانی، احمد (١٣٧٣). ***«نکته‌هایی در باب تصحیح متون». درباره ویرایش***. چاپ دوم، تهران: نشر دانشگاهی.

عمادی حائری، محمد (١٣٨٧). ***تصحیح متون با تاکید بر تصحیح متون فارسی***. مجله گزارش میراث. دوره‌ی دوم، سال ٣، ش ٢٥، ٢٦، صص٤، ١٢.

محقق، مهدی (١٣٦٩). ***«روش تصحیح و نشر متون»***. مجموعه مقالات انجمن واره، بررسی مسائل ایران شناسی، به کوشش علی موسوی گرمارودی. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی وزارت خارجه.

منجد، صلاح الدین (١٣٧٨)، ***روش تصحیح نسخه‌های خطی***. ترجمه حسین خدیوجم. مجله آینه میراث،زمستان و بهار ، س ١، ش ٣ و ٤، صص١٠٣، ١١١.

هروی، نجیب مایل (١٣٨٠). ***تاریخ نسخه‌برداری و تصحیح انتقادی نسخه‌های خطی***. تهران: کتابخانه مجلس.



Kurdishbookhouse.com